کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# کوچک لە ئاگر گەرمترە

ئەحمەد دەشتی



PNA - رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك رایگەیاند کە عەرەبەکانی کەرکوك بەدوای ئەو دروشم و لێدوانە تایەفیانە ناکەون کە دەیانەوێ ئاشووب و ئاژاوە لە نێوان نەتەوەکان و دانیشتووانی ئەو شارە دروست بکەن، ئەو لێدوانەی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك لەکاتێکدا دێت کە چەند رۆژێك لەمەوبەر چەند هۆزێکی عەرەب هەڕەشەی رفاندنی کوردەکانی شاری کەرکوکیان کردبوو، ئەگەر هاتوو دەستگیرکردنی عەرەبەکان درێژەی هەبێت. دەقی ئەم هەواڵە لە زایتی پەیامنێر وەرگیراوە.

ئەمڕۆ لە لاپەڕەی پەیامنێردا ئەو هەواڵەی سەرەوەم خوێندەوە و بە تەواوی سادە دڵی و نەزانین و بیر کردنەوەی گەلێ لە بەرپرسیارانی کوردم هاتەوە ناو خانەی خەیاڵ ولە دڵی خۆمدا گوتم خۆزیا ئێمەی کورد قەت ئاوا نەدەبویین کە کاک رزگار عەلی و هەندی لە بەرپرسیارانی تری کورد قەت ئاوا بیریان نەدەکردەوەو لە هیچ شتێک لە ڕاستی گوتنەکاندا شەرمیان نەدەکرد!!! خۆزیاو وا دەبوو کە ئەوان بەرپرسیارانە قەت لە عارەبان نەدەترسان و باوەڕیان بە عارەبان نە دەکردو بە داگیرکەری شارو سەروەت و سامانی خۆیانیان دەزانی، سەیر لەوەدایە کەوا خەریکە بڵێن کەرکوک جێگەی عارەبانەو وا خەریکە دەیانکەن بە ڕەسەن و بە عارەبی داگیرکەریان نازانن و بە خەڵکی شاری کەرکوکیان دادەنێن، وائەوان بەعسیە داگیرکەرانە کە خاک و ماڵی کوردیان داگیرو تەعریب کردووە و ساڵەهایە لە سەر ماڵ و بەرو بوومی کوردستاندا دەلەوەڕێن، ئەمڕۆکە جەنابی کاک ڕزگار عەلی بەرگریان لێ دەکات و ئەو عارەبە داگیر کەرانە دەکات بە پیاو چاک، ئای چەندە سادە دڵ و نەزانین لەم بوارانەوە، دە توخوا خوێنەری ئازیز ئەم لێدوانەی سەرەوەی کاک ڕزگار عەلی چاک بخوێنەوە و لێی ورد بەرەوەو بزانە کە ئایا عارەب لەگەل ئاژاوەو ئەو هەموو گیرو گرفتانەی کە لە کەرکوک ڕوودەن نین یان هەن؟ پاشان کوردانە و دڵسۆزانە بڕوانە کیشە پڕ لە پێچ و پەناکەی کە خودی عارەب دژ بە کورد دروستیان کردووە زۆر بە چاکی و ژیرانە و کوردانە بیری لێ بکەوە و خۆتان بڵێن: ئەری گەلۆ کێن ئەوانەی کە کەرکوکیان تەعریب کردووە، کێن ئەوانەی کەساڵەهای ساڵە لە ناو ماڵ و حاڵ و خاکی کورد لە شاری کەکوک ڕونیشتوون و ئەنفالیان کردین،کێنە ئەوانەی کە زۆر لە مێژە خەڵکی کەرکوکیان دەربەدەر کردوە و خۆیان لە ناو لانە و کاشیانەی ژیان و زێدی باوو باپیرانیان دەژین و کوردیان دەرپەڕاندووە و ئێستاش وا عارەبان دێنن؟

ئەرێ گەلۆ هەتا کەینێ کوچک لە ئاگر گەرمتر دەبێت و هەتا کەینێ ئێمەی کورد بە تایبەت گەلێ لە بەر پرسیاران و ئەوانەی کە ئاوا بەم شێوەیە دپەیڤن و دەیانەوێت وا لە خەڵک بگەیێنن کە ئەننەما کەرکووک بە دەستی عارەبان تەعریب نەکراوە،وا نیشان دەدەن کە خەڵکی عارەبی داگیرکەر کە هاتوونەتە سەر ماڵی کوردو زێدی باوک و باپیرانی کوردیان تەعریب کردووە، ئەوا قەت و قەت ڕازی نین بەوەی کە کەرکوک تەعریب بکرێت!!!!! ئەوان عارەبانە کە تا ئێستاش ئامادە نێن لە سەر خاکی کەرکوک وەدەر بکەون و ناشیانەوێت قەت لە سەر ماڵی کوردبڕۆن،ئەوا ئەوان عارەبانە لەگەل ئاژاوەگێراندا نێن؟ بەڕاستی جێگەی سەیرو سەمەرەیە کە خودی بەرپرسیارانی کورد کە خۆیان خەڵکی کەرکوکن ئاوا بەم شێوەیە بیر دەکەنەوەو ئاوا بەرگری لە خودی داگیرکەران دەکەن، لە زۆر لاوە بە قسەی خۆیان وا نیشان دەدەن کە عارەبەکانی کە هەتا ئێستا وان لە ناو ماڵی کوردو ئەم کەرکوکە شیرینە و گەلێ شوێنی تری کوردستانیان داگیر کردووە قەت بەوە ڕازی نین کە لە ناو ماڵی کورد دا بمینێن و وەگەر ئاژاوە چیەکان بکەون، ئەرێ گەلۆ ئەمانەی ئەم شێوە قسانە دەکەن و ئاوا دژ بە خۆیی بەرگری لە عارەبان دەکەن وەک کاک ڕزگارعەلی دەدوێن کەوانیە مەبەستیان چێە؟ دەبێ ئەوان کەسانە شەرم لە خۆیان نەکەنەوە؟ کە ئاوا بەم شێوەیە دەدوێن؟ یەک دەڵێت کەرکوک خەتی سورە، کورد

نابێ لێی نەزیک ببێتەوە، یەک دەڵێت مادەی 140 هیچ گیرو گرفتێکی لەپێش نیە، کە ئەننەما هەموو مادەکەی 140جێ بەجی کراوە،کە لە ڕاستیش دا نە مادەی 140 جێبەجێ کراوە و نە قەت بێ گیرو گرفتە، نە عارەبە داگیرکەرەکانی کەرکوک دژ بە ئاژاوە گێڕانن و لە گەل کوردن. ئەم قسەو قسەلۆکانە بەلای منەوە هیچیان وانین و هەمووی زیان بە بوونی کەرکوکی کوردستانەوە دەگەیێنێت و گەلێ شەرماوەریە بۆ خودی ئەوانەی کە ئەمڕۆ بەر پرسیارن و بەرامبەر بە گەلی کور ئاوا بە هەڵە و ناراست دەپەیڤن و دەیانەوێت کە خۆیان لە لایەن عارەبەکانەوە کە خاکیان لێ داگیر کردووین شیرین بکەن،عارەبە داگیرکەرەکان کە ئێستاش لە ناو مال و لەسەر خاکی کوردن بە پیاو چاکیان مناسێنن و یان بیان کەن بە عارەبی رەسەن، ئەرێ لە شاری کەرکووک کەی عارەبی رەسەن هەیە؟ ئەرێ کەی لە دونیادا داگیرکەران بەرەسەن دا دەندرێن؟ کەی مادەی 140 بەبێ گرفتە؟ کە جەنابی هێژا کاک دکتۆر کەمال کەرکوکی وا دەفەرموێت؟ ئەری ویژدان و هەبێت ئەمڕۆ لە تەواوی عێراق دا کێ بێت ئەوە نەزانیت کە مادەی 140 نەک گرفتی نیە بەلکو هەموو کیشەکانی ئەمڕۆی کورد لە شاری کەرکوک دەگەڕێنەوە سەر جێ بەجێ نەکردنی مادەی 140 کە بووەتە یاسا و لە سەری پێک هاتوون، پێم وایە هەموو کوردێک دەبێ چاک بزانیت کە تەنیا خودی عارەبەکانن کە ڕێگری جێ بەجێ کردنی ئەم مادەیەن و لی ناگەڕێن کە هەرگیز بۆ بەرژەوەندی کورد جێ بەجێ بکرێت و کیشەکان بنبڕبکرێن، بەڵام زۆر جێگەی داخە کە بەرپرسیارانی کورد ئاوا دەدوێن و لە جێگەی عارەبەکان بەرگری دەکەن، ئەوان داگیرکەرانە لە ئاژاوەچیان بە دوور دادەنێن کە لە ڕاستی دا ئەوانن ئاژاوەگێڕ، ئەرێ کێن ئەوانەی کە هاتوونەتە سەر خاکی کوردو رێگری جێ بەجی کردنی مادەی140 دەکەن؟ ئەم دڵسۆزیە و کارە ناراست و پەیڤە ناڕەوایانە چین کە ئەوان بەرپرسیارانەی کورد وەک کاک رزگار عەلی و کاک دکتۆر کەمال کەرکوکی لە باەری عارەبەکانی کەرکوکەوە لێی دەدوێن و سادە دڵانە ئاوا دەپەیڤن و بەرگری لە عارەبە داگیرکەرەکان دەکەن؟ کێ بێ ئەو راستیە نەزانێت کە مادەی 140 سەرتاپای گیرو گرفت و هەوڵی جێبەجێ نەکردنیەتی لە لایەن خودی عارەبەکانەوە!!! من پێم وایە ئەم عارەبانە ئەگەر بۆیان بچێتە سەر و بۆیان بلوێت هەمان کاری سەدامیانە دژ بە کورد لە بارەی کەرکوک و هەموو شوێنە تەعریب کراوەکان ئەنجام دەدەنەوە، ئەی ئەو خەتە سورەی کە بۆ کەرکوک بە قسەی عارەبان دژ بە کورد داندراوە چە خەتیکی سورە و بۆ بە ڕاشکاوی باسی لیوە ناکەن و ڕاستی بە خەڵکی کوردی ناڵێن؟ کەرکوک کە بۆخۆی دایکی هەموو گرفتەکانی کوردستانە و ئەگەر عارەبەکان و تورکە شۆڤێنیەکان هاوکاریان نەکەن ئەی ئەم هەموو گرفتانەی کەرکوک چین؟ من پێم وایە ئەم جۆرە پەیڤانە قەت خزمەت بە کەرکووک ناکات چونکە خودی عارەبەکانن کە هۆکاری تەقینەوەکانی کەرکوک و ئاژاوە نانەوە لە تەوای ناوچەکانی کەرکوک کەڕوو دەدەن ، من پێم وایە نە عارەب دوورە لە ئاژاوەکان، وەک کە کاک ڕزگار عەلی دەڵێت، نە عارەب لە کەرکوک رەسەنە، وەک باسی لێوە دەکەن،نە مادەی 140 بەبی گیرو گرفتە وەک کە دکتۆر کەمال دەری بڕیوە،نە بەم شێوەیە چارەسەری گەڕانەوەی کەرکوک دەکرێت، من پێم وایە کە هەرگیز عارەبەکان لە گەل کوردا نین و قەتیش لە گەل کورد نابن،قەتیس رازی نابن کە شاری کەرکوکی دلی کوردستان بگەڕێتەوە سەر کوردستان،قەتیش شاری کەرکوکی بەم شێوەیە و بەم پەیڤانە چارەسەری ناکرێت، باشتر وایە ئەم بەرپرسیارانە بە خۆیان دابچنەوە و بۆ پاراستنی جێگاو ڕێگایان و بەرپرسیارەتیان لە کارو بارەکانی ئەمڕۆدا قەت ئاوا بیر نەکەنەوەو هەرچی کە ڕاست و دروستە بە خەڵکی خۆیان بلێن، ئەگینا سبەی کەدادێت درەنگە و مێژووش بەزەیی بە هیچ کەس دانایێتەوە، سەرکەوتن و ڕزگار بوونی گەلی کوردو شاری کەرکوکی دڵی کوردستان تەنیا لە گۆتنی ڕاستیەکان و یەکگرتنی گەلی کورد دایە. 15.6.2007

.